حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان


# تەکنەلۆژیای زانیاری

## مایکرۆسۆفت ئەکسێس

## قۆناغی ئامادەیی و پیشەیی
## پۆلی یازدەهەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

وەزارەتی پـــەروەردە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# تەکنەلۆژیـــای زانیـاری

## مـایکرۆسـۆفت ئـەکسێس

## قۆناغی ئامادەیی و پیشەیی

## پۆلی یازدەهەم

ئامادەکردنی

لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

چاپی دووەم ١٤٤٣ کۆچی ٢٠٢٢ ی زاینی ٢٧٢٢ ی کوردی

## پێداچوونەوەی زانستی و نوێکردنەوە

تارا ابوبکر عبدالقادر

کارزان عثمـان عبدالكريم

سمیـر دلێـر عبــدالله

رێبــاز نــجـــاة مـجيــد

محمد أبوبكر توفيق

ئومێد صادق عبدالكريــم

شیلان مەحمود فەقێ

حسێن كانیاو عوسمان على

پێشڕەو أحمد حمه على

ئـــارام ظاهر محمد أمين

## پێداچونەوەی زمانەوانی

صـادق احمد عثمـان

سەرپەرشتی زانستی: تــارا ابوبكـر عبد القــادر

سەرپەرشتی هونەری چاپ: ئاری محســن احمد

دیـــــزاینی بـــەرگ: رەوەند سـعید صـــــابر

دیــزاینی نــاوەرۆک: محمد أبوبكــر تــوفيق

جێبەجێكردنی بژاری هونەری: ئـاشتی عمر علي

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەكی** | ٤ |
| **وەرزی یەكەم** | |
| Microsoft Access 2016 | ٧ |
| Interface Microsoft Access 2016 | ٩ |
| Tabs | ١٣ |
| File tabs | ١٣ |
| Home | ١٨ |
| Create | ٢٦ |
| بەشەكانی (Data Type) | ٢٩ |
| Queries | ٣٤ |
| **وەرزی دووەم** | |
| Form | ٥٩ |
| Report | ٧١ |
| External Data | ٨٢ |
| Database Tools | ٨٥ |
| ڕاهێنان | ٨٧ |

# پێشەکی

بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی، کە تەکنەلۆژیا هەیەتی، لەسەر ژیانی تاکە کەس و کۆمەڵگا بە گشتی، دەتوانین بەم چەرخەی ئەمڕۆ بڵێین: چەرخی تەکنەلۆژیا، چونکە ئەم تەکنەلۆژیایە خۆی خزاندووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، وەک: (پەروەردە وفێرکردن، تەندروستی، کاروباری سەربازی، توێژینەوەی زانستی، هاتووچۆ، ... هتد).

بەهۆی بەردەوامی ئەم پەرەسەندنە خێرایەی بواری کۆمپیوتەر، بە پێویستمانزانی، کە گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندنی کۆمپیوتەر لە قۆناغەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی قوتابییانی خۆشەویستمان لەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییە گرنگانە بێبەش نەبن و ئاشنابن بەم زانستە سودبەخش و بەربڵاوە، بۆیە ئەم کتێبەمان ئامادەکرد.

## مامۆستای بەڕێز وخۆشەویست :

تۆی بناغەی سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوون ... ، ئەو ئەمانەتە پیرۆزەت هەڵگرتووە، بە بەشداربوونی بەردەوامت لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی زانستیی و ویژدانی منداڵەکانمان، کە دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی دڵنیایی جۆری فێربوون و فێرکردنە.

ئێمەش ئەم کتێبە دەخەینە ژێر دەستت و سپاسی ماندووبوونت دەکەین، هیواداریـن تۆش بەشداربوونێکی بەرچاوت لە سەرکەوتنی ئامانجەکانی ئەم کتێبە هەبێت.

## قوتابی خۆشەویست :

تۆی هیوای دواڕۆژی نیشتمانەکەت، بڵێسەی پڕشنگدار، کە ئاسمانی نیشتمانەکەت ڕووناک دەکەیتەوە ... تۆ شایەنی هەموو ئەو گرنگ پێدانەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێت دەدرێت ... تۆی کردووتە تەوەرەی یەکەم لە کرداری پەروەردە وفێربوون. دانان وگەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پێناو تۆیە.

**ئامادەکاران**

# وەرزی یەکەم


Microsoft
Access
Office 2019

# Microsoft Access 2016

## مایکرۆسۆفت ئەکسێس ٢٠١٦


مایکرۆسۆفت ئەکسێس ( 2016): بەرهەمی کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت)ە تایبەتە بە کاری ژمێریاری و ئامار و کارگێڕی.

(Database): بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری ، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکخراون و بەیەکەوە بەستراون و پەیوەستێکی زانستی بەیەکیانەوە دەبەستێت و لەورێگایەوە دەتوانین زانیارییەکان ڕێکبخەین.

(Record): بریتییە لە چەند خانەیەک، کە ڕیزبوون لەباری ئاسۆیدا لەپاڵ یەکتری و لەناویدا دەتوانین زانیاری بنوسین.

| زنجیرە | ناو | پارێزگە | پیشە | مووچە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئازاد | سلێمانی | فەرمانبەر | 450000 |

تێبینی :بۆ دەست بەسەرداگرتنی ڕیکۆردەکانمان ئەم شریتە بەکاردێنین:




(Field): بریتییە لە چەند خانەیەک کە ڕیزبوون لەباری ستونیدا و دەتوانین زانیاری تێدا بنوسین.

| پارێزگە |
|---|
| سلێمانی |
| هەولێر |
| سلێمانی |
| دهۆك |
| هەولێر |
| دهۆك |
| سلێمانی |

## Starting Access (2016) Program in (windows 10)

### چۆنیەتی کردنەوەی بەرنامەی ئەکسێس (2016) لە ویندۆزی 10

**سەرەتا، دەبێت بزانین کە ئامێری کۆمپیوتەرەکەمان بە چ جۆرە سیستمێکی ئیشپێکردن (Operating System) کاردەکات، پاشان ڕێگەیەکی ئاسان بگرینەبەر بۆ کردنەوەی بەرنامەی ئەکسێس** 2016.

<u>ڕێگاکانی کردنەوەی بەرنامەی ئەکسێس لە ویندۆزی ١٠ دا</u>

<u>ڕێگای یەکەم:</u>

Start >scroll to Access

<u>ڕێگای دووەم:</u>

لە (Search) دا دەنووسین (Access) .

# Interface Microsoft Access (2016)

# ڕوکاری بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس (2016)


## پێکهاتە سەرەکییەکانی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس (2016):

١. Title bar

٢. Ribbon

٣. Navigation Pane


٤. Status bar



–(Template):

کۆمەڵە قاڵبێکی ئامادەکراوە کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئامادەی کردووە بۆ کارئاسانی بەکارهێنەر .

*کردنەوەی فایل لە ڕێگای (Open Other File) بریتییە لەم بەشانە:







1– Recent


تایبەتە بەو فایلانەی کە پێشتر کارمان لەسەر کردوون.

## 2– One Drive 


خزمەتگوزارییەکی خەزنکردنی داتایە لەسەر کلاود کە دەتوانرێت فایلەکانی تێدا هەڵبگریت و لەهەر شوێن و ئامێرێکەوە بتەوێت بەکاریبهێنیت .

## 3– This PC 



بەکاردێت بۆ کردنەوەی ئەوفایلانەی کە لە ماوەی ڕابردودا خەزنمانکردووە لە درایڤەکاندا.





# Add a Place–4

تایبەتە بە زیادکردنی درایڤ بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بە ئاسانی بتوانێت فایلی ئەکسێس خەزنبکات لە (Office 365 SharePoint) و (One Drive)



# Tabs

پێکهاتوە لەمانەی خوارەوە:

## یەکەم File Tab :



بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە:





- Info: هەندێک زانیاریی تایبەتمان پێدەبەخشێت دەربارەی بەکارهێنەر و ئەو فایلەی کە کردوومانەتەوە.


• New: بەکاردێت بۆ دروستکردنی داتابەیسێکی نوێ بەم شێوەیە:

ئ. کلیک لەسەر (New) دەکەین.


ب. کلیک لەسەر (Blank Desktop Database) دەکەین.




پ. ناوێک بۆ داتابەیسەکە دادەنێین و ئەو درایڤە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت تێیدا خەزن بکەین.




ت .كليک لەسەر(Create) دەكەين.





- Open: تايبەتە بەكردنەوەی داتابەيسی خەزنكراو.



- Save: تایبەتە بە خەزنکردنی داتابەیس دوای گۆڕانکاری.
- Save as: بەکاردێـت بۆ خەزنکردنی هەمان فایل بەچەند ناوێکی تر لەشوێنکی تر.
- Print : تایبەتە بە چاپکردنی ئەو فایلەی کە مەبەستمانە.
- Close: بۆ داخستنی فایل .
- Account: بۆ دروستکردنی (Account) ی تایبەت بە بەکارهێنەر لەڕێگای ئینتەرنێتەوە.




- Options: کۆمەڵێک هەڵبژاردەیە، کە بەکارهێنەر دەتوانێت سودی لێوەربگرێت بۆ هەندێک گۆڕانکاری تایبەت لە پرۆگرامی ئەکسێس.



# دووەم Home :



یەکێکە لە تابە سەرەکییەکانی (Microsoft Access ) پێکهاتووە لەم بەشانە و هەر




یەکەیان کۆمەڵێک فەرمانی لە خۆگرتوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. Views: پێکهاتوە لەم بەشانە:

- Datasheet View: لە ڕێگای ئەم ئایکۆنەوە دەتوانین بە تەواوی (table) ببینین، کە دروستمان کردووە یان بۆ پیشاندان لە شێوەی پەرِەدا وەک پەرەیەکی ئێکسل.
- Design View : بۆ پیشاندانی لەشێوەی دیزایندا(Report,Form,Query ,Table)

2. Clipboard: پێکهاتوە لەم فەرمانانە:




- Cut: بۆ برین.
- Copy: بۆ لەبەرگرتنەوە.
- Format Painter: بۆ هاوشێوەکردنی نوسین.
- Paste: پێکدێت لەم بەشانە:

–Paste: بۆ لکاندن.


–Paste Special: بۆ لکاندنی تایبەت.

–Paste Append: بۆ لکاندن لە کۆتا ڕیکۆردا.

## 3. Sort &Filter : پێکهاتوە لەم فەرمانانەی خوارەوە: 

- Filter:بۆ پۆلینکردن و پاڵاوتنی ئەو زانیارییانەی کە تۆمارمان کردووە لە (table) کەدا بەکاردێت.
- Ascending: بۆ ڕیزکردنی پیت بەشێوەی (Z – A ) و ژمارە بەشێوەی( بچووک – گەورە).
- Descending: بۆ ڕیزکردنی پیت بەشێوەی (A – Z ) و ژمارە بەشێوەی (گەورە – بچووک).
- Remove Sort: بۆ لابردنی ئەو ڕیزبەندیەی، کە پێشتر دامانابوو بۆ هەر زانیارییەک لەناو ئەو ( table )ی کە دروستمان کردووە.
- Selection: بۆ دەستنیشانکردن بە پێی ویستی بەکارهێنەر، و لەم بەشانە پێکدێت:

–Equals: کاتێک نوسینێک، ژمارەیەک، یان بەرواریێک دیاری دەکەیت و دەتەوێت هاوشێوەی ئەوە بدۆزیتەوە واتە دیاریکردنی داتایەک کە یەکسان بێت بەوەی تۆ دیاریت کردوە .



–Does Not Equal: ئەمە بەپێچەوانەی ( equals )ەو ئەو زانیاریانەت بۆ دیاریدەکات، کە یەکسان نەبێت بەو داتایەی، کە تۆ دیاریت کردوە .

–Less Than or Equal To: کاتێک نوسینێک، ژمارەیەک، یان بەرواریێک دیاری دەکەیت و دەتەوێت هاوشێوەی ئەوە بدۆزیتەوە، کە یەکسان بێت بەوەی تۆ دیاریت کردوە، یان بچوکتربێت لەوی دیاریت کردوە .

–Greater Than or Equal To: کاتێک نوسینێک، ژمارەیەک، یان بەرواریێک دیاری دەکەیت و دەتەوێت هاوشێوەی ئەوە بدۆزیتەوە، کە یەکسان بێت بەوەی تۆ دیاریت کردوە یان گەورەتر لەوی دیاریت کردوە

–Between: ئەو زانیاریانەت پیشاندەدات کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو زانیاریەی تۆ پێتداوە .

- Advanced: بۆ پالأوتن بەشێوەی پێشکەوتوو پێکدێت لەم بەشانە:




Clear All Filters–

Filter By Form–

Apply Filter/Sort –

Advanced Filter/Sort–

Load from Query–

Save As Query–


Delete Tab–

Clear Grid–

Close–

- Toggle Sort: دەکرێت بە دوو بەشەوە (Apply Filter) و(Remove Filter) .

4. <u>Records</u>: ئەم بەشە پێکهاتوە لەم فەرمانانەی خوارەوە:




- Refresh: بۆ نوێکردنەوە.
- New: بۆ زیادکردنی ریکۆردێکی نوێ.
- Save: بۆ خەزن کردن.
- Delete: بۆ سرینەوە.
- Totals: هەندێک کرداری ژمێریاری لەخۆ دەگرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:

– Sum: بۆ دۆزینەوەی کۆی گشتی چەند ژمارەیەکە، کە تۆ دیاریت کردوە

– Average: بۆ دۆزینەوەی تێکرای چەند ژمارەیەکە، کە تۆ دیاریت کردوە

– Count: بۆ ژماردنی ئەو زانیارییانەیە کە تۆ دیاریت کردوە

– Maximum: بۆ دۆزینەوەی بەرزترین ژمارەیە، لەناو ئەو ژمارانەی کە تۆ دیاریت کردوە


– Minimum: بۆ دۆزینەوەی کەمترین ژمارەیە، لەناو ئەو ژمارانەی کە تۆ دیاریت کردوە

## نمونە :

(Table) پێکمان هەیە بەم شێوەیە، دەمانەوێت کرداری (Totals) ی لەسەر جێبەجێ بکەین. هەنگاوی یەکەم فیلڵدی موچە دیاری دەکەین وەک لە وێنەکەدا دیارە :


| موچە | پیشە | پارێزگە | ناو | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| 450000 | فەرمانبەر | سلێمانی | ئازاد | 1 |
| 670000 | فەرمانبەر | هەولێر | شوان | 2 |
| 420000 | مامۆستا | سلێمانی | سارا | 3 |
| 600000 | فەرمانبەر | دهۆك | شنۆ | 4 |
| 540000 | مامۆستا | هەولێر | دارا | 5 |
| 700000 | فەرمانبەر | دهۆك | تابان | 6 |
| 395000 | مامۆستا | سلێمانی | لارا | 7 |


لە پاشندا کلیک لەسەر ئایکۆنی (Totals) دەکەین لە بەشی (Records) دا.



| موچە | پیشە | پارێزگە | ناو | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| 450000 | فەرمانبەر | سلێمانی | ئازاد | 1 |
| 670000 | فەرمانبەر | هەولێر | شوان | 2 |
| 420000 | مامۆستا | سلێمانی | سارا | 3 |
| 600000 | فەرمانبەر | دهۆك | شنۆ | 4 |
| 540000 | مامۆستا | هەولێر | دارا | 5 |
| 700000 | فەرمانبەر | دهۆك | تابان | 6 |
| 395000 | مامۆستا | سلێمانی | لارا | 7 |
| 0 | | | | (New) |
| | | | | Total |

کلیک لەسەر ئەو (Listbox) یان (Combobox) دەکەین لیستێکمان بۆ دەکرێتەوە فەرمانی (Sum) دیاری دەکەین وەک لە وێنەکەدا دیارە :




- Spelling: بۆ ڕاستکردنەوەی نوسین.
- More: پێکدێت لەم بەشانە:

– Add From Qutlook: زیادکردن لە (Outlook) دا.

– Save As Outlook Contact: خەزنکردن بە ناوی جیاواز لە ناوەڕۆکی (Outlook)دا.




– Row Height: بەرزی (row).

– Subdatasheet: لاپەڕەی زانیاریی لاوەکی.

– Hide Fields: شاردنەوەی فیلّدەکان.


– Unhide Fields: پیشاندانی فیلّدەکان.

– Freeze Fields: بۆ مانەوەی بەشێک لە زانیاریەکان لەسەر شاشەکە لەکاتێکدا تۆ فۆرمەکە بەرەو خوارەوە ( scroll ) دەجولّێنی ئەوا ئەم بەشە دیاریدەکەیت.


– Unfreeze All Fields: بۆ لابردنی ئەو بەشەی، کە لە کاتی بردنەوەی خوارەوەی فۆرمەکە ناجولّێت ولەسەر شاشەکە دەمێنێتەوە ئەوا، کلیک لەسەر ئەم بەشە دەکەیت، وەک ناونیشانی خشتەکە.

– Field Widith: بۆ دیاریکردنی ئەو خانەیەی کە زانیارییەکەی تێدایە.


5. Find: پێکهاتوە لەم فەرمانانە:





- Find: بۆ گەڕان بەدوای زانیاری بەشێوەیەکی گشتی.



- Replace: بۆ گۆڕینی ئەو نوسینەی کە لە بەشی (Find) دا دۆزیوتەوە بۆ نوسینێکی تر.




- Go To: بۆ ڕۆیشتن و دۆزینەوەی ئەو ڕیکۆردەی کە مەبەستمانە.





- Select: بۆ دەستنیشانکردن لە دوو بەشی پێکدێت (Select) و (Select All) .


6. Text Formatting: پێکهاتوە لەم فەرمانانەی لای خوارەوە:




- Fonts
- Font Size
- Bullets
- Numbering
- Increase List Level
- Decrease List Level
- Bold
- Italic
- Under Line
- Font Color
- Text High Light Color
- Background Color
- Align Left
- Center
- Align Right
- Alternate Row Color
- Grid Lines

# سێیەم Create :




*Application Parts: ئەم بەشە کۆمەڵێک قاڵبی ئامادەکراوی تێدایە، کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانین دایبەزێنین.

## Table:

بەشی سەرەکی (بەرنامەی ئەکسێس)ە کە تایبەتە بە دروستکردنی (table) و تۆمارکردنی زانیاری تێیدا وە بە نەبوونی (table) ناتوانین هیچ کارێک بکەین.






Table: بۆ دروستکرنی (table) بە کلیککردنی لەسەری ، پاشان کلیک لەسەر (Click to Add ) بەشەکانی (Data type ) دەردەکەوێت وەکو لە وێنەکەی خوارەوە دیارە :-



# بەشەکانی (Data Type)

لە زانستی کۆمپیوتەر و پرۆگرامیندا هەر زانیارییەک، کە لە ناو کۆمپیەتەردا هەڵدەگیرێت دەبێت جۆرەکەی بە کۆمپیوتەر بوترێت، کە ئەم بەشە چ جۆرە زانیارییەکە.




١. Short Text: بۆ نوسینی کورت.

٢. Number: بۆ نوسینی ژمارە .

٣. Large Number : بژاردەییێکی نوێیە لە (access 2016)کە بۆ ژماردنی ژمارە گەورەکان بەکاردێت وەکو: $-2^{31}$

٤. Currency: بۆ دانانی هێمای دراو .

٥. Date/Time: بۆ کات و ڕێکەوت.

٦. Yes/No: بەڵێ / نەخێر.

٧. Lookup & Relationship: بۆ گەڕان و پەیوەندی لەناو فیڵدەکەدا بەشێوەی لیست.

٨. Rich Text : بژاردەییێکی نوێیە بۆ فۆرماتکردنی تێکستەکان وەک (Bold,Font,Color,Under line)

٩. Long Text: بۆ نووسینی درێژ.

١٠. Attachment: بۆ دانانی فایلی هاوپێچ.

١١. Hyperlink: بۆ لکاندنی فیڵدێکی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس بە فیڵدێکی تری بەرنامەیەکی ترەوە.


١٢. Calculated Field: بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی ژمێریاری.

١٣. Paste as Fields: بژاردەیە بۆ پێستکردنی داتاکان بەکاردێت و بۆ ژمارەییێکی زۆری (row, column) پێیست دەکات.

<u>تێبینی:</u>

دوای تەواوبوونی (table) کە دەبێت کلیک (save) بکەین بۆ خەزنکردنی (table) کەمان .

Table Design: ڕێگای دووەمی دروستکردنی (table) کەیە بە کلیککردن لەسەری بۆکسێکمان پیشان دەدات کە دەتوانین بەو شێوەیەی مەبەستمانە خۆمان دیزاینی (table) کە بکەین.



SharePoint Lists: بۆ ناردنی (table) کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بەکاردێت.


تێبینی:

Description Optional: بەکاردێت بۆ نوسینی ڕونکردنەوە لەسەر فیلّدەکان بە کلیککردن لەسەر خانەکە لە بەشی خوارەوە پیشانمان دەدات.

# تایبەتمەندیەکانی فیڵد (Field Properties)

پێکدێت لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1– Short Text



–(Field Size): بۆ سنوردانانی تۆمارکردنی پیت لەناو فیڵدەکەدا تا (255) پیت بەکاردێت.

–(Format): بەکاردێت بۆ گۆڕانکاری ناوخانەکە، بۆ نمونە دەتوانین ڕەنگی نووسینی ناو ئەو خانەیەی کە دیاریمان کردووە تا بیگۆڕین.

–(Input Mask): تایبەتە بە گۆڕانکاری لە فیڵدەکە وەک: (دانانی نوسین بەشێوەی پاسوۆرد، دانانی قاڵبی ئامادەکراوی کات و ڕێکەوت و دانانی سنور بۆ تۆمارکردنی پیت).


–(Caption): بۆ گۆڕینی ناونیشانی فیڵدەکە.

–(Default Value): بۆ جێگیرکردنی نوسینێکی دیاریکراوو دوبارەبوونەوەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە هەمو فیڵدەکە.

–(Validation Rule): بۆ دانانی مەرج بەسەر فیڵدەکەدا.

–(Validation Text): پەیوەندی بە(Validation Rule) ەوە هەیە کاتێک مەرجێکمان دانا لێرە ڕونکردنەوە لەسەر مەرجەکە دەنووسین.

Number –2




–(Field Size): بۆ دیاریکردنی قەبارەی ژمارەکانە ، بەپێی جۆری ژمارەکە یان بەپێی قەبارەکەی پێی دیاردەکرێت.

–(Format): بۆ دانانی جۆری دراو و ڕێژەی سەدی و گۆڕینی ژمارە بۆ شێوەی زانستی.

–(Decimal Places): بۆ سنوردانان بۆ ژمارەی دوای (،) لە فیلّدەکەدا.

–(Input Mask): بۆ دانانی قاڵبی ئامادەکراو.

–(Caption): ناونیشانی فیلّدەکە دەکات بەنوسینێکی تر بەوشێوەیەی کە خۆمان دەمانەوێت.

–(Default Value): بۆ جێگیرکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو و دووبارەبوونەوەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە هەموو فیلّدەکە.

–(Validation Rule): بۆ دانانی مەرج بەسەر فیلّدەکەدا.

–(Validation Text): پەیوەندی بە (Validation Rule)ەوە هەیە کاتێک مەرجێکمان دانا لێرە ڕونکردنەوە لەسەر مەرجەکە دەنووسین.

## : Queries

بەشی دووەمی بەرنامەی ئەکسێس و بەبێ (table) ناتوانین (Query) دروست بکەین ، بەڵام دەتوانین لەڕێگای پرسگەوە کۆمەڵێک کرداربکەین و مەرجیش دابنێین.

ئامانجەکانی بەکارهێنانی (Query) :


1-(View)

2-(Sort)

3-(Filter)


4-(Analyzing

## ڕێگاکانی دروستکردنی (Query):




## ڕێگای یەکەم Query Wizard :

دەکرێت بە چەند بەشێک کە ئەمانەن:




## ١. Simple Query Wizard

دەبێ کلیک لەسەر ئەم بەشە دەکەین ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا دەتوانین ئەو فیلدانەی لە (Query) بەکاریدەهێنین هەڵیبژێرین وەک لە وێنەکەدا دیارە:





له پاشان کلیک لەسەر (>) دەکەین بۆکسێکی ترمان بۆ دەکرێتەوە کە دەتوانین کرداری بیرکاریانە ئەنجام بدەین بۆ ئەمەش کلیک لەسەر(Summery) دەکەین یان هەر وەک نمونەی پێشووتر کە باسکرا بەخواستی خۆمان پرسیار لە پرسگەکە بکەین.

دوای ئەوە کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسە دەکرێتەوە کە تیایدا دەتوانین ناو بۆ (Query) دابنێین.



لە دوایدا کلیک لەسەر (Finish) دەکەین.







## ٢. Crosstab Query Wizard


(Query) ژمێریارییە بەکاردێت بۆ پۆلێنکردنی داتای ناو (table).

**نمونە:**

ئەگەر (table) ێکمان هەبێت بمانەوێت کۆی ئەو موچانە دیاری بکەین، کە بۆ پارێزگاکان دەچێت لەسەر ئاستی پیشەکان





سەرەتا کلیک لەسەر (Crosstab Query Wizard) دەکەین و (OK) دەکەین.




ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا (table) ی مەبەست دیاریدەکەین





پاشان کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا (field) پارێزگا دەبەینە لای ڕاست.




دواتر کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا (field) پیشە دیاری دەکەین.





کلیک لەسەر (Next) دەکەین بۆکسێکی ترمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا (Field) موچە هەڵدەبژێرین و(Function) مەبەست (Sum) یان هەر (Function) تر کە مەبەستمان بێت دیاری دەکەین.



لەدوای کلیک کردن لەسەر (Next) بۆکسێکی ترمان بۆ دەکرێتەوە کە تێیدا ناوی (Query) دەنێین.




پاشان کلیک لەسەر(Finish) دەکەین و(Query) بەمشێوەیە دروست دەبێت.




## ٣. Find Duplicates Query Wizard


بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی داتا دووبارەبووەکان لەناو (table)دا.

نموونە:


(Table) ێکمان هەیە، کە چەند جارێک گۆڕانکاری تێداکراوە لەکۆتایی کارەکەمان دا دەمانەوێت داتا دووبارەبووەکان جیابکەینەوە.




دوای دیاریکردنی بەشی (Query Wizard) بەشی (Find Duplicates Query Wizard) هەڵدەبژێرین و (OK) دەکەین.




ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە:





ی(Table) مەبەست دیاری دەکەین وەک لە وێنەی سەرەوەدا دیارە لە دواییدا کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم شێوەیەمان پیشان دەدات.



لەو (field) کە دەمانەوێت داتا دووبارەبووەکانی تێدا دیاری بکەین، دەیبەینە ناوبەشی (Duplicate–value fields) بەم شێوەیە:





لە دوایدا کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان پیشان دەدات کە تیایدا دەتوانین فیلْدی تر زیاد بکەین، بۆ ئەوەی داتا دووبارەبووەکان جیابکرێنەوە.



پاشان کلیک لەسەر(Next) دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوەکە تیایدا دەتوانین ناوی (Query) بنێیین:




کلیک لەسەر (Finish) دەکەین و(Query) دروست دەبێت بەم شێوەیە:



## ٤. Find Unmatched Query Wizard

ئەم (Query) بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی داتا جیاوازەکان لەنێوان دوو (table) دا.

نموونە :

دوو(table) مان هەیە بەناوی (table1, table2) بەم شێوەیە:


Table1

| ژمارە | ناو | قۆناغ | Click to Add |
|---|---|---|---|
| 1 | هۆزان | 12 | |
| 2 | ئاڤان | 12 | |
| 3 | شارا | 11 | |
| 4 | هەنار | 12 | |
| 5 | یارا | 10 | |
| 6 | کەنار | 12 | |
| 7 | ڤارین | 11 | |
| 8 | کاپان | 10 | |
| 9 | پاشا | 10 | |
| 10 | مەیل | 11 | |
| (New) | | | |


Table1 | Table2

| ID | ناو | قۆناغ | Click to Add |
|---|---|---|---|
| 1 | هۆزان | 12 | |
| 2 | ئاڤان | 12 | |
| 3 | شارا | 11 | |
| 4 | هەنار | 12 | |
| 5 | یارا | 10 | |
| 6 | هەڵاڵە | 12 | |
| 7 | ڤارین | 11 | |
| 8 | کاپان | 10 | |
| 9 | پاشا | 10 | |
| 10 | مەیل | 11 | |
| (New) | | | |


دەمانەوێت داتا ناهاوبەشەکان (table1) جیابکەینەوە سەرەتا لە بەشی(Query Wizard)دا کلیک لەسەر (Find Unmatched Query Wizard) دەکەین.





ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە تیایدا (table1) دیاری دەکەین بەم شێوەیە:



دوای کلیککردن لەسەر (Next) بۆکێسکمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا (table2) دیاری دەکەین:




کلیک لەسەر(Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا فیڵ(ناو) لە هەردوو (table) کەدا دیاری دەکەین بەم شێوەیە:



دوای ئەوە کلیک لەسەر (Next) دەکەین، بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە کە تیایدا دەتوانین ئەو فیلْدانە دیاری بکەین کە دەمانەوێت لە پرسگەکەدا بیانبینین لەگەڵ ناوەکاندا وەک ئەم وێنەیە:




پاشان کلیک لەسەر(Next) دەکەین بۆکسێکمان بۆ دەکاتەوە کە دەتوانین ناوی پرسگەی تێدا بنێین بەم شێوەیە:





کلیک لەسەر (Finish) دەکەین پرسگەکەمان بۆ دروست دەبێت.



## ڕێگەی دووەم Query Design :




لەبەشی (Create) دا کلیک لەسەر(Query Design) دەکەین بەم شێوەیە:



دووبەش لەخۆ دەگرێت:-

بەشی یەکەمیان: بریتییە لە بۆکسێکی کراوە کە تایبەتە بەو خشتانەی کە دروست کراون لەناو داتا بەیسەکەماندا،گەر بمانەوێت پرسگە بۆ هەر (table)ێک لەو خشتانە دروستبکەین، ئەوا پێویستە ناوەکەی دیاری بکەین و کلیک لەسەر(Add) دەکەین و (Close) دەکەین.

بەشی دووەم: تایبەتە بە دروستکردنی پرسگەکە ئەم لقانەی تێدایە:

-(Field): ناوی فیلْدەکەی تێدا دەنوسرێت.

-(Table): بۆ نوسینی ناوی (table)کە.

-(Sort): تایبەتە بە ڕیزکردنی داتای هەڵبژێردراو بەشێوەی (A–Z) یان(Z–A) .

-(Show): بۆ پیشاندان ، یان شاردنەوەی ئەو فیلْدەی کە مەبەستمانە.

-(Criteria) بۆ دانانی مەرج بەسەر فیلْدەکەدا.

-(Or) بۆ پلەی بەراورد کردن بەکاردێت، واتە بۆ دانانی مەرجی دووەمە لەناو پرسگەکەدا کاتێک لە بەشی (Criteria) مەرجێک دەنوسیت،دەتوانیت لە ناو (or)دا مەرجی دووەم بنوسیت کە لەو دەیهێنێت. بۆ نمونە دەڵێیت ناوی ئەو خوێندکارانە دیاری بکە کە تەمەنیان(١٨ یان ١٩ ) لەم کاتەدا هەر خۆیندکارێک تەمەنی ( ١٨ یان ١٩ ) بێت پیشانمان دەدات.


## نموونە:

| ژمارە | ناو | تەمەن | Click to Add |
|---|---|---|---|
| 1 | هۆزان | 17 | |
| 2 | تەبان | 19 | |
| 3 | شیرا | 20 | |
| 4 | هەژار | 17 | |
| 5 | پەرا | 19 | |
| 6 | کەژار | 20 | |
| 7 | ڤەژین | 23 | |
| 8 | کەیان | 18 | |
| 9 | پاشا | 19 | |
| 10 | ساهیل | 19 | |
| 11 | کەژار | 20 | |
| (New) | | 0 | |

(Table) یێکمان هەیە دەمانەوێت (Query) بۆ دروست بکەین، تا بزانین چەند قوتابی تەمەنیان لە (٢٠ ) ساڵ.


سەرەتا کلیک لەسەر بەشی (Design Query) دەکەین و ناوی (table)ی مەبەست دیاری دەکەین لە رویدا (Add)و(Close) دەکەین.

ئەم وێنەیەمان پیشان دەدات:




لەوبەشەی کە تایبەتە بە دروستکردنی (Query) دەست دەکەین بە پڕکردنەوەی خانەکان بەپێی پێویستی (Query) پاشان لەبەشی (Criteria)دا ئەو پرسیارە دەنووسین کە مەبەستمانە بۆ ئەوەی بزانین لەو (table) دا چەند کەس هەیە تەمەنی 20 ساڵان بێت ئەوا لەڕیزی (Criteria) و لەژێر فیلْدی تەمەندا دەنوسین =20 .

پاشان دەچیتە (Design) و کلیک لەسەر (Run) دەکەین.



و ئەنجامەکەی دەبینین بەمشێوەیە.



# وەرزی دووەم


Access
Recent
Database1
Open Other Files

# : Form




بریتییە لە  ڕوکاری داتابەیسەکەمان لەڕێگای (table) و پرسگەوە دەتوانین فۆرم دروستبکەین وە گۆڕانکاری لە فۆرمەکەدا بکەین و هەروەها لەریێگەی فۆڕمەوە زانیاریی نوێ تۆماربکەین و گۆڕانکاری لە داتا کۆنەکەشدا دەکرێت لەناو داتابەیسەکەدا بکەین.


## ڕێگاکانی دروستکردنی فۆرم

### ڕێگای یەکەم (Form) :

بەکلیک کردن لە فۆرم بە ئاسانی فۆرمێکمان بۆ دروست دەکات.

نمونە:

(table) یٚکمان هەیە،کە پیٚکدیٚت لەم فیلٚدانە (زنجیرە، ناو، پاریٚزگا، پیشە، موچە) دەمانەویٚت بە رێگەی (Form) فۆرمیٚک دروست بکەین ئەویش بە کلیککردن لەسەرفۆرمەکە.



## ڕێگای دووەم (Form Design) : 


بەکاردێت بۆ دروستکردنی فۆرم بەو شێوەیەی کە مەبەستمانە بە دەبڵ کلیککردن لەسەر هەر فیلْدێک.

<u>نمونە:</u>


دروستکردنی فۆرمێک بە ڕێگەی (Form Design) بەم شێوەیەی خوارەوە دروست دەکەین:

١. لە لیست (Create) دا کلیک لەسەر ( Form Design ) دەکەین.

٢. کلیک لەسەر ئایکۆنی (Add Existing Fields) دەکەین لە لیست (Design) دابۆ پیشاندانی خشتەکە.

٣. ئەو خشتەیە کە مەبەستمانە بیکەین بە فۆرم دیاری دەکەین.

٤. بە دەبڵ کلیککردنیان بە دراگ و درۆپ لەسەر هەر فیلْدێک لە (Field List)دا دەچێتە ناو دیزانی فۆرمەکەوە.



# چۆنیەتی زیادکردنی چەند ئایکۆنێک


# لەناو فۆرمدا بە ڕێگای (Design View)


دەتوانین کۆمەڵێک ئایکۆن زیاد بکەین، دوای دروستکردنی فـۆرم بە ڕێگای (View Design) بۆ فۆرمەکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەکارهێنەر لەکاتی تۆمارکردنی زانیاری بۆ ناو داتابەیسەکە.

## چۆنێتی زیادکرنی کۆنترۆڵ بۆ سەر فۆرم:

دوای دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئامادەکراو لە بەشی (Design)دا بەشی کۆنترۆڵمان بۆ دەکرێتەوە .

وەک لە وێنەکەدا دیارە:



 (Select)-

-(Text Area): شوێنی نوسین (Shapes) بەکاردێت بۆ هەڵبژاردنی (ڕەنگەکان، شێوەکان).

## –(Text Box) 

بۆ (Properties) بۆ دروستکردنی خانەیەک بۆ نوسین و زیادکردنی خانەیەک بەکاردێت، لە رویدا رێگای ئەوەوە دەتوانین داتا تایپەکانی بگۆڕین.





## –(Label) 

بەکاردێت بۆ پێناسەکردنی فیلدێک.

## –(Button) 


بەکلیککردن لەسەر (Button) ئەم بۆکسەمان بۆ دەکرێتەوە ئەو فەرمانەی کە دەمانەوێت لەسەری دەستنیشانی دەکەین.




**نمونە:**

ئەگەر بمانەوێت دوو فەرمان زیاد بکەین بۆ فۆرمەکەمان کە یەکێکیان کرداری زیادکردنی داتا بێت و دووەم سڕینەوەی داتا بێت بەم شێوەیە خوارەوە دەکەین:


- فۆرمێک دروست دەکەین بەشێوەی (Design View).
- لەبەشی (Controls) دا ووە (Button) دەهێنین بۆ سەر فۆرمەکە.
- بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە کە لە بەشی (Categories) دا (Record Operations) هەڵدەبژێرین و پاشان لە بەشی (Action)دا(Add New Record) هەڵدەبژێرین (Button) ی یەکەم.




- لە ڕویدا کلیک لەسەر (Next) دەکەین، بۆکسێکی ترمان بۆ دەردەکەوێتەوە بەمشێوەیەی خوارەوە.




- ئەمشێوەیە لە دوو بەش پێکدێت بەشی (Text) و (Picture) ئەگەر (Text) مان دیاری کرد ئەوا لێرەدا ناوی ئەو ئایکۆنە دەنوسین، کە ئەو فەرمانە جێبەجێی دەکات لەناو فۆرمەکەدا، بەڵام ئەگەر (Picture) مان دیاری کرد ئەوا وێنەیەک دیاری دەکەین، کە ئاماژە بکات بۆ ئەو فەرمانەی کە لەناو فۆرمەکەدا هەیە.





• (Next) وەی (Command) دەکەین پاشان دەگۆڕین بۆ (زیادکردنی داتا) و کلیک دەکەین لەسەر (Finish).




• پاشان فەرمانێک دروست دەبێت و کلیککردن لەسەر (Button) زیادکردنی داتا دواى (Run) کردنی فۆرمەکە دەتوانین (Record) زیاد بکەین بۆ ناو داتابەیسەکە.


بۆ (Button) ی دووەم بەهەمان شێوەیە، بەڵام لەبەشی ( (Action) دا (Delete Record) دیاری دەکەین.






## ڕێگای سێیەم (Blank Form) :

بەکاردێت بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەیەکی سادە بەهەمان ڕێگای دووەم.



## ڕێگای چوارەم (Form Wizard) : 


بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئامادەکراو.


نمونە:

دروستکردنی فۆرمێک بەڕێگای (Form Wizard) بەم شێوەیە:


١. لە لیستی (Create)دا کلیک لەسەر (Form Wizard) دەکەین بۆکسێکمان پیشان دەدات کە لەم بەشانە پێکدێت.

*لە بەشی (Tables/Queries) دا (table) کەیان (Query) دیاری دەکەین.


*لە بەشی (Available Fields) ئەو فیلدانە پیشان دەدات، کەلە (table) کەدایە .



٢. کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان پیشان دەدات.




٣. کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان پیشان دەدات.



دوو هەڵبژاردەمان پیشان دەدات.


* (Open the form to view or enter information): بۆ کردنەوە و بینینی فۆرمەکە و تۆمارکردنی زانیاری.

* (Modify the Form's design) : بۆ گەڕانەوە بۆ دیزاینی فۆرمەکە بە مەبەستی گۆڕانکاری.

٤. کلیک لەسەر (Finish) دەکەین.

## ڕێگـــای پێنجەم (Navigation) :




بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئامادەکراو بەپێی ئاراستەکان پێکدێت لەم بەشانە:


- Horizontal Tabs: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئاسۆیی.
- Vertical Tabs, Left: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ستونی لای چەپ.
- Vertical Tabs, Right: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ستونی لای ڕاست.
- Horizontal Tabs, 2 Levels: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئاسۆیی بە دوو ئاست.
- Horizontal Tabs and Vertical Tabs, Left: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی لای چەپ.
- Horizontal Tabs and Vertical Tabs, Right: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی لای ڕاست.




## ڕێگای شەشەم (More Forms):

بۆ دروستکردنی فۆرم بە چەند شێوەیەکی جیاواز بەکاردێت و پێکدێت:

- Multiple Items: بۆ دروستکردنی فۆرم و پیشاندانی چەند ڕیکۆردێک لەیەک کاتدا.
- Datasheet: بۆ دروستکردنی فۆرم بەشێوەی لاپەڕەی ئێکسل.
- Split Form: بۆ دروستکردن و دابەشکردنی فۆرم بە دوو بەش بەشێوەی فۆرم و داتاشیت پیشانمان دەدات.
- Modal Dialog: ئایکۆنێکی نوێیە لەناو بەرنامەی ئەکسێس (2016) دایە شێوازێکی نوێی هەیە بۆ دروست کردنی فـۆرم



# : Report

بریتییە لەو ڕووکارەی کە دەتوانرێت (Table,Query) پیشان بدرێت وچاپ بکرێت.




## ڕێگاکانی دروستکردنی ڕاپۆرت


### ڕێگای یەکەم (Report) :





لە لیستی (Create) دا کلیک لەسەر (Report) دەکەین بەشێوەیەکی خۆیی ڕاپۆرتێکمان بۆ دروست دەبێت.

<u>نموونە :</u>

لە (table)ەی کە لەوانەی ڕابردودا(Form) مان دروستکرد لەسەر هەمان (Table) ڕاپۆرت دروست دەکەین بەم شێوەیە:






## ڕێگای دووەم (Report Design) :


بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەتوانین ڕاپۆرت دروستبکەین:

١. لە لیستی (Create) دا کلیک لەسەر ( Report Design ) دەکەین.

٢. لەکاتی دەرنەکەوتنی فیلّدەکانی ( table ) کەدا (Field List) دا کلیک لەسەر (Add Existing Fields) دەکەین لە لیستی (Design) دا بۆ پیشاندانی (table) کە.

٣. ئەو (table)ەی کە مەبەستمانە بیکەین بە ڕاپۆرت دیاری دەکەین.

٤. بە دەبلّ کلیک کردن یان بە (Drag & Drop) ڕاکێشان و دانان لەسەر هەر فیلّدێک لە (Field List) دادەچێتە ناو دیزانی ڕاپۆرتەکەوە.



٥. بە کلیککردن لەسەر(Report View) ڕاپۆرتەکەمان پیشان دەدات ئامادەیە بۆ چاپ.








٦. ڕاپۆرتەکە خەزنەدەکەین بە ناوێکەوە.

## ڕێگای سێیەم (Blank Report) : 


بۆ دروستکردنی ڕاپۆرت بەشێوەیەکی ئاسان.




## ڕێگای چوارەم (Report Wizard) : 


بۆ دروستکردنی ڕاپۆرت بەشێوەی ئامادەکراو.

لە گرنگیەکانی (Report Wizard) ئەمانەن:

- دەستنیشانکردنی چەند فیلدێک.
- چارەسەرکردنی ڕاپۆرت.
- ڕیزبەندی فیلدەکان.
- پۆلێنکردنی فیلدەکان.
- ئەنجامدانی کردارەکانی (کۆکردنەوە تێکرا، گەورەترین، بچوکترین).

بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەتوانین ڕاپۆرتێک بەشێوەی (Report Wizard) دروست بکەین:


نمونە:


| زنجیره | ناو | پارێزگە | پیشە | موچە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئازاد | سلێمانی | فەرمانبەر | 450000 |
| 2 | شوان | هەولێر | فەرمانبەر | 670000 |
| 3 | سارا | سلێمانی | مامۆستا | 420000 |
| 4 | شنۆ | دهۆك | فەرمانبەر | 600000 |
| 5 | دارا | هەولێر | مامۆستا | 540000 |
| 6 | ئالان | دهۆك | فەرمانبەر | 700000 |
| 7 | لارا | سلێمانی | مامۆستا | 395000 |

١) لە لیستی (Create)دا کلیک لەسەر (Report Wizard) دەکەین بۆکسێکمان پیشاندەدات کەلەم بەشانە پێکدێت.


*لە بەشی (Tables/Queries) دا (table)یان(query) دیاری دەکەین.

*لە بەشی (Available Fields) ئەوفیلدانەمان پیشاندەدات کە لە( table )کەدا هەیە.






٢) کلیک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان پیشان دەدات.



٣) كليک لەسەر (Next) دەکەین، ئەم بۆکسەمان پیشان دەدات کە دەتوانین ڕیکۆردەکان ڕیز بکەین لە (A–Z) یان (Z–A) .




٤) كليک لەسەر (Next) دەکەین ئەم بۆکسەمان پیشاندەدات کە دەتوانین دیزاینی ڕاپۆرتەکە و ئاراستەکەی بگۆڕین بەو شێوەیەی کە مەبەستمانە



دوو هەڵبژاردەمان پیشان دەدات.

* (Open the report to view or enter information): کردنەوە و بینینی ڕاپۆرتەکە و تۆمارکردنی زانیاری.

*(Modify the report's design): گەڕانەوە بۆ دیزاینی ڕاپۆرتەکە بە مەبەستی گۆڕانکاری.





٥) کلیک لەسەر Finish دەکەین.



## ڕێگـــای پێنجـــەمـ (Labels) : 


ئەم ڕێگایە بۆ دروستکردنی باج و ناسنامە بەشێوەیەکی خێرا بەکاردێت.

# Macros & Code





Macro: بۆ جێبەجێکردنی کردارێکی دەستنیشانکرا لەناو داتابەیسدا بەکاردێت.

## هەنگاوەکانی دروستکردنی (Macro)

-کلیک لەسەر لیستی (Create) دەکەین.


-کلیک لەسەر (Macro) دەکەین لە بەشی (Macros & Code) دا.

-بۆکسێکمان پیشاندەدات بەمشێوەیە:



لێرەدا لە بەشی (Add New Action) دا ئەو ئایکۆنە دیاری دەکەین کە مەبەستمانە.

بۆ نمونە (Open Table) لێرەدا مەبەستمانە لە ڕێگەی ماکرۆ کە دروستی دەکەین (table) کەمان بەم شێوەیە بۆ دەکاتەوە :



## Open Table


لەم بەشانە پێکهاتووە:

*Table Name: ناوی ئەو (table)ەی کە مەبەستمانە دیاری دەکەین.

*View: بۆ دیاریکردنی شێوازی پیشاندانی (table)ەکە، بەهۆی یەکێک لەم هەڵبژاردنەی خوارەوە دەبێت.




*Data Mode: لەم بەشانە پێکهاتوە:




- Add: بۆ زیادکردن
- Edit: بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری
- Read Only: تەنها بۆ خوێندنەوە

# چۆنیەتی بەیەکەوە بەستنی (Macro) بە(Form)ەوە

– فۆرمەکە دەکەینەوە لە بەشی (Design View)دا.

– دەچینە سەر بەشی (Control) لە لیستی (Design)دا.

– کلیک لەسەر (Buttom) دەکەین.

– لێرەدا بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە کلیک لەسەر (Miscellaneous) دەکەین.







– پاشان کلیک دەکەین لەسەر (Run Macro) و (Next) دەکەین لەدوایدا بۆکسێکی ترمان پیشان دەدات، نـاو (Macro)ەکە دیـاری دەکەین.

–پاشان (Next) دەکەین بۆکسێکی ترمان بۆ دەکرێتەوە کە لە بەشی (Text) دا ناوی کۆماندەکەمان دەکەین بەو ناوەی کە مەبەستمانە، یان لەبەشی (picture) دا وێنەیەک دیاری دەکەین کە واتای ئەو کۆماندە بێت کە دروستمان کردووە

وە هـەروەها دەتـوانین بـە کلیـک کـردن لـە (Browse) خۆمـان وێنـەیـەک بێنـین کـە پاشـگرەکەی (BMP) بێـت کـە پێشـتر لـەناو کۆمپیوتەرەکـەدا خـەزنمان کـردووە پاشان (Next) پاشان (Finish).

# : EXTERNAL DATA




لە دوو کۆمەڵەی سەرەکی پێکدێت :

١. (Import & Link)

بینین و بەکارهێنانی بابەتە هێنراوەکان، کە پێشتر خەزنکردن کراون(Saved Import).

### –Excel:

ئەم بەشە تایبەتە بەهێنانی (table) لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵەوە بۆ ناو بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس .

### –Access :

بۆ پێکەوە بەستنی دوو (table)ی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس.

### –ODBC:


کورتکراوەی (Open Database Connectivity)ە بەکاردێت بۆ بەستنەوەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس بە بەرنامەکانی تری وەک (Visual Basic) و(Visual C++) هتد.

٢. (Export)


بریتییە لە هەناردەکردنی (table) وەکی ناو بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس بۆ بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ وpdf,txt,xml.

# هەنگاوەکانی هێنانی (table) لە بەرنامەی ئێکسڵە وبۆ بەرنامەی ئەکسێس (2016)

a) لە (Tab) ی (External Data) دا ئایکۆنی (Excel) دیاری دەکەین.




b) لە رێگەی بەشی (Browse)ەوە ئەو(table)ەی (Excel) دیاری دەکەین، کە دەمانەوێت بیهێنینە ناو داتابەیسەکە




پاشان (OK) دەکەین.

c) پاشان کلیک لەسەر (Next) دەکەین.

d) لێرەدا ( Field Option) مان هەیە کە لەم بەشانە پێکدێت.

* (Field Name): بە دەستنیشان کردنی فیلّدەکە دەتوانین ناوی فیلّدەکەمان بگۆڕین.

* (Data Type): جۆری داتاکە دیاری دەکەین.

*(Indexed): پیّکدیّت لە دوو هەلّبژاردە (Yes) و (No) ئەگەر (Yes) دیاری بکەین دووبارە وەردەگریّت یان نا.

* ( Do not import Field Skip ): دەتوانین (table)ە کە وەک خۆی بهیلّینەوە. پاشان (Next) دەکەین.

e) لەم بۆکسەدا سیّ هەلّبژاردە دیّتە بەرچاومان کە تایبەتە بە دانان و دانەنانـــــــــــی (Primary Key).

* PrimaryKey : تایبەتە بە دووبارە نەبوونەوەی زانیارییەکان لەناو فیلّدیّکدا.

f) لەم بەشەی کۆتاییدا ناوی (table) هیّنراوەکە دەنیّین و پاشان کلیک لەسەر (finish) دەکەین.

g) Save import Step : تایبەتە بە خەزنکردنی ئەو فایلەی کە هیّناومانە.

**تیّبینی:**

(Table) هیّنراوە کە لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسیّسدا دەبیّتە (table)ەکی سەربەخۆ و پەیوەندی بە لاپەڕە بنەڕەتییەکەی ناو بەرنامەی ئیّکسل نامیّنیّت.

# : Database Tools






## Compact and Repair Database–

بۆ پتەوکرن و چارەسەرکردنی داتابەیسەکە




## Relationships–

ئەم بەشە دەکەوێتە لیستی (Database Tools) و بەکاردێت بۆ بەیەکەوە بەستنی (Query،table)یان هەردووکیان لەناو داتابەیسەکەدا .

دەکرێت بە سێ بەش:

### یەکەم One – to – One :

کاتێک دوو خشتەمان دەبێت ئەوا ئەم دوو خشتە دەتوانن تەنها بەیەک ریکۆرد پەیوەندی لەگەل یەک دروستبکەن، واتە ریکۆردێک لە خشتەی یەکەم دەتوانێت تەنها بەیەک ریکۆردی دووەمەوە پەیوەندی دروست بکات.

### دووەم One – to – Many:

واتە ریکۆردێک لە خشتەی یەکەم دەتوانێت پەیوەندی هەبێت بەچەند ریکۆرێک لە خشتەی دووەم وبە پێچەوانەشەوە


### سێیەم Many – to – Many :

واتە چەند ریکۆردێک لە خشتەی یەکەم دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ چەند ریکۆردێک لە خشتەی دووەم وە بە پێچەوانەشەوە دروست بکات.


## ڕێکخستنی کۆتا داتابەیس

دوای کۆتایی هێنان بە دروستکردنی داتابەیسەکە، وا پێویست دەکات فۆرمەکە لەکاتی کردنەوەی داتابەیسەکەدا بکرێتەوە

هەنگاوەکانی دروستکردنی کۆتا داتابەیس



- کلیک دەکەین لەسەر(file).
- کلیک دەکەین (options).
- کلیک (current database).
- لێرەدا لە بەشی (Application Title) لە بۆشایەکەدا ناونیشانی دەنووسین کە لە سەرەوەی داتابەیسەکە دەنووسی




- لە بەشی (Display Form) لێرەدا ئەو فۆرمە دیاری دەکەین، کە دەمانەوێت بە شێوەیەکی خۆیی بکرێتەوە هەر کاتێک کە داتابەیسەکە دەکەینەوە.
- پاشان OK دەکەین.

## ڕاهێنان

پ /1 ڕێگاکانی کردنەوەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس لە ویندۆی دە دا بنووسە.

پ /2 پێکهاتەکانی ڕوکاری بەرنامەی ئەکسێس (2016) بژمێرە.

پ /3 پێناسەی ئەمانە بکە:

(Template, One Drive , Filter , Database, record )

پ /4 داتابەیسێک دروست بکە بە ناوی (فەرمانبەر)کە ئەم زانیارییانە لەخۆ بگرێت

ناوی سیانی مووچە – ناونیشان ڕێکەوتی دامەزراندن (لەدوایدا table کە خەزنبکە بە ناوی) خۆتەوە.

پ /5 وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

- بۆ ریزکردنی داتاکان بەپێی پیتەکان ئەم بەشە بەکاردەهێنین:

A. Sort

B. Filter

C. Report

- ئەو لیستەیە کە هەموو بەشەکانی داتابەیس لەخۆ دەگرێت:

A. Document Tabs bar

B. Navigation pane

C. Ribbon

- تایبەتە بەو فایلانەی کە پێشتر کاری لەسەر کراوە:

A. Account

B. Recent

C. One Drive

- بۆ دانانی فایلی هاوپێچ هەڵیدەبژێرین:

A. Hyperlink

B. Calculated

C. Attachment

- بۆ گۆڕینی ناونیشانی فیلد بەکاریدەهێنین:

A. Input mask

B. Caption

C. Format

## یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٨
## یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن
## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

قسەکردنی تەلەفۆنی و پەیوەندییەکانی پۆستەیی و ئەلکترۆنی لە کاروبارە تایبەتیەکانن و نابێ ڕێز و حورمەتیان بشکێندرێ.

**ماددەی دووەم:**

هەر کەسێك ئەگەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یا ئامێرێکی پەیوەندی کردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشە کردن یان تۆمەت هەڵبەستن (قذف) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا کە ترس پەیدا دەکات یان دزەی بە گفتوگۆکردن کرد یان وێنەی چەسپاو و جوولاو یان کورتیلە نامەی (مەسج) بڵاوکردەوە کە لەگەڵا خۆو ڕەوشتی گشتیدا ناگونجێن یان بەبێ روخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدرەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە نهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە کە بەهەر رێگایەك بێت چنگی کەوتن هەتا ئەگەر راستیش بن، ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سووکایەتی یاخود زیانیان پێ بگەیەنێ، ئەوا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ (حبس) کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەکیش سزادەدرێ کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ یان بە یەکێك لەو دوو سزایە سزادەدرێت.

**ماددەی سێیەم:**

هەر کەسێك بە دەستی ئەنقەست تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان هەر ئامێرێکی پەیوەندی کردنی تەلدارو بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ جاڕس کردنی خەڵك جگە لەو حاڵەتانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایە داهاتوون، ئەوا بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێك زیاتر نەبێ بەند دەکرێت (حبس) و بە غەرامەیەکیش کە لە حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ سزا دەدرێ یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە سزا دەدرێ.

**ماددەی چوارەم:**

ئەگەر لە ئەنجامی ئەوکارانەی کە بە پێی ماددەکانی (دووەم و سێیەم)ی ئەم یاسایە تاوانێك کرا، ئەو کەسەی بووەتە هۆی ئەو تاوانە دەبێتە هاوبەشی و بەو سزایەی کە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە دانراوە سزا دەدرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (دووەم و سێیەم)دا هاتوون بە بارێکی توندکراو بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێ ئەگەر ئەو کەسەی ئەنجامی دەدا سەر بە هێزە چەکدارەکان یاخود لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت یاخود ئەوکەسەی سیفەتە فەرمیەکەی بەکاردێنێ یان ئەوەی ئاگاداری نهێنی کەسەکان یان خێزانی کەسەکان بێ بە حوکمی کارەکەی یاخود پیشەکەی و هەرکەسێکی ئامێری پەیوەندی غەیری خۆی بەکاربێنی بۆ ئەنجامدانی یەکێك لەو کردەوە ناوبراوانە.

**ماددەی شەشەم:**

پێویســـتە کۆمپانیاکانی پەیوەندی کردن، ئەوانەی کە لە هەرێمـدا کاردەکەن ئەمانەی خوارەوە بکەن:

**یەکەم:** پلیتی مۆبایلی ئەلکترۆنی و ئامێرەکانی پەیوەندییە ئەلکترۆنیەکان و تەلەفۆنە گوازراوەکانی دیکە کە لەو کۆمپانیایەوە دەرچوون بەر لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بە ناوی ئەو کەسەی هەیەتی و هاوبەش نیە تۆمار دەکرێ و ئەمەش لە ماوەی شەش مانگ دەبێ لە رۆژی تەواو بوونیەوە و هەڵوەشاندنەوەی پلیتی ئەو کەسەی لە لایەتی گەر لەو ماوەیە سەردانی کۆمپانیاکە نەکات.

**دووەم:** پێشکەش کردنی هەر زانیارییەکی پەیوەندیی بە پلیتی بەشداربوون و بەشداربووەوە هەبێ بۆ دادگای تایبەت لە کاتی پیویستدا.

**سێیەم:** ئەو کۆمپانیایەی سەرپێچی برگەکانی (یەکەم و دووەم) لەم ماددەیە دەکەن بەغەرامەیەك سزادەدرێ کە لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە سەد ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم یاسایە لە ١٣ی جۆزەردان ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٢٩ی جمادی یەکەم ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە.


ئاو سەرچاوەی
ژیانە
بۆیە دەیپارێزم

حكومەتی هەرێمی كوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

گشت مافەكانی ئەم كتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن ( ٧٦٠ ) ساڵی ٢٠٢١
تیراژ (        ) دانە
نرخ (      ) دینار

چاپی دووەم
١٤٤٣كۆچی / ٢٠٢٢زایینی / ٢٧٢٢كوردی